# کۆلۆنیالیزم و نەبوونی ناسنامە و ڕۆڵی کورد



وتاریکی  سایکۆ-سیاسی
**مستەفا گەرمیانی**

ئیسماعیل بێشکچی(مەزنترین کۆمەلناسی کۆمەڵگەی کوردی) دەڵێ:
-خراپترین دەسەڵاتی کوردی لە چاکترین دەسەڵاتی داگیرکەران بۆ کوردستان چاکترە...! دیارە ئەو نەوەیەی کە تا سەر ئێسقان ستەمی نەتەوایەتییان ڕاستەوخۆ چێشتووە.زیاتر لەو بۆچوونەی بێشکچی حاڵی دەبن،بیگوومان نەوەی دوای ڕاپەڕینیش-کە نەوەیەکی مێژوویی تازەن-و شەڕی شوومی ناوخۆیی وناسەقامگیریی حکوومەتی کوردییان،بینیوەو دڵنیا-نەبوونەتەوە لەسەقامگیربوونی حکومەتی کوردستان.ئەوانیش لە قووڵایی مەبەستی زانای ناسراوگەیشتوون.تەنانەت لای ئەولاوانەی ئاستی هۆشیاری نەتەوایەتییان بەرزترە،هەستکردن بە ستەمی نەتەوایەتی و مەترسی لە دەستچوونی دەسەڵاتی سیاسی کورد،زیاترە!هەرچەندە داگیرکەریشیان بە چاوی خۆیان نەبینیوە ،بەڵام لە کەناڵەکانی ترەوە ،ئەو ستەمی نەتەوایەتیە چووەتە ڕۆح –یانەوە بۆنموونە نەبوونی..ناسنامە،پاسەپۆرت،کەسایەتی ئازاد،دەوڵەتی کوردی..تاد هەروەها کوردانی پەڕەوازەی وولاتانی ئەورووپا وئەمەریکا و کێشوەرەکانی تری گۆی زەمین،ئیدی ئەم سەدان هەزار کوردەهەندەرانی یە ، بێ وولاتە،بێناسنامە..پەڕەوازەیە..قسەکەی بێشکچی- ش نەبووایە !خۆیان ژن وپیاو،پیر و گەنج ومناڵ هەر لە یەکەمین ڕۆژی فیربوونی زمانەوە،ئیتر ئینگلیزی،ئەڵمانی،سویدی ..تاد هەست بە نەبوونی ناسنامە وستەمی نەتەوایەتی دەکەن !!ئەورووپییەکان و هەموو خەڵکی جیهان ،تەنانەت پێش ئەوەی بڵێن ناوت چییە لە یەکەمین پرسیاردا بۆ یەکتر ناسین دەپرسن :ناسنامەت چییە؟،خەڵکی کوێی !؟وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسایی یە ! !بۆ کورد خەماوی تەماوی و هەژێنەر و دژوارە!!

خەڵکی وولاتانی تر ئەم پرسیارە بە ئاسانی وەڵام دەدەنەوە بۆ نمونە..خەڵکی ئیسپانیا، ئیتاليا،
تايلەند، سۆمال، تەیمووری ڕۆژهەلات...تاد من، لە چوار وولاتی ئاسیا ودووی ئەروپادا ژیاووم !سەدان جار ئەم پرسیارەم لێکراوە..نایشارمەوە، جارێکیان چاووم پڕبوولە فرمێسک و قورگم پڕبوو، لە گریان !کاتێ لە وەڵامدا وەکوو هەموو جارەکان ووتم:
(کوردستان) و بەرامبەرەکەم دوای ڕوونکردنەوەش، هەر لێم تێنەگەیشت !منیش لە داخاندا بەوم ووت کە هەرگیز ئامریکا-م نەبیستووە ! وبڕواناکەم لە جیهاندا وولاتێک بەو ناوەوە هەبێت !!ئەویش بە دەنگی بەرز و سەرسوڕمانەوە، ووتی : یو.ئێس.ئا !!منیش پێم ووتەوە.. ئەوە زیاتر لە ناوی کۆمپانیا دەچێ!! بە هەرحاڵ ئەوە ساڵی 1986 بوو، ئێستا خۆشبەختانە ، نەک هەر ئەمەریکایی، بەڵکوو سودانی ومالیزی وبەرازیلی ...تاد هەموویان کوردستان کەم وزیاد دەناسن، بەڵام کوردستان، تا ئەم ساڵە چارەنووس- سازەش، کەشتی - یەکە لە ناو شەپۆلاکانی دەریای چارەنووسدا تۆ بڵێی دووبارە بلکێتەوە بە عێراقەوە؟ !تۆ بڵێی بۆ هەمیشەیی! ببێتە دەوڵەتی کوردستان، خاوەنی ناسنامە وئالا وباڵوێزخانەی خۆی.... تاد باشە وەک بڕیاروایە لە لایەن پارتە کوردییەکانەوە!ئەگەر کراینەوە بە عێراقی وئەمەریکا سوپاسی کردین! پاشان چەند ساڵی تر دەرفەتی مێژوویی وامان بۆ دەڕەخسێتەوە بۆڕیفراندۆم و دیاریکردنی چارەنووس وناسنامەی خۆمان ؟ !

## ئاستەنگەکانی بەردەم ناسنامەی کوردی

بێ ئاوڕدانەوە لە کارەکتەر وکەسایەتی مرۆڤی کورد ، تەنیا وەڵامێکی سیاسی ووشک بۆ ئەو پرسیارەی کە بۆچی کورد تا ئێستا دەوڵەتی نییە، کارێکی مەحاڵە!من هەمیشە پێم وابووە کێشەی کورد، کێشەیەکی سایکۆ-سیاسی یە، کۆلۆنیالکردنی کوردستان وچەوسانەوەی خەڵکی کورد بە درێژایی مێژوو، وای

کردوه که هەندێ تایبەتمەندی لە کەسایەتی وکارەکتەری( مرۆڤی کوردا بە گشتی) بە شێوەیەکی نائاسایی بێتە ئاراوە کە نەک هەر بۆ دەروونناسان وکۆمەڵناسان، بەڵکوولەلایەن هاوولاتی ئاسایی کوردیشەوە هەستی پێکراوە، هەندێ جاریش پێشینان ئەو تایبەتمەندییانەیان خستوەتە پەندی کوردییەوە.وەکوو(درەخت ووتوویەتی تەور ئەگەرکلکی لە خۆم نەبێ نامبڕێتەوە!
!
یان ئەگەر گوڵ نیت ، دڕکیش مەبە!)....دەیانی تر.

هەندێ لە تایبەتمەندییە بەرچاوییەکانی کەسایەتی کورد..

1. هەستی خۆ بە کەمزانی(مرۆڤ لەم حاڵەتەدا ووشک و لەخۆبایی خۆی نیشان دەدا ، لە ناو کۆمەڵگەدا)
2. زۆرینەی کورد تورە ودڵ ناسکن !
3. نائومێدن لە داهاتوو! زیاتر کای کۆن بە بادا دەکەن!
4. پلانیان بۆ ژیان کەمە یان نییە، ئارەزووی بڕیاردانی بێ بەرنامە دەکەن!
5. متمانەیان بە خۆ و بەرامبەریشان کەمە یان هەر نییە!!
6. لە هەمبەر دوژمن (داگیرکەران) بەخشندە و لە گەڵ یەکتردا توند و تیژن !(پێچەوانەی نەتەوەکانی تر)
7. زۆرینەی کورد لەم دونیا( ڕەنگاوڕەنگە)دا ، دیاردەکان یەک لایەن و بە شێوەی (ڕەش یان سپی)دا دەبینن !
8. توانای کۆمەلایەتی و پەیوەندیکردنیان لاوازە!واتە ڕەفتار و بیروڕا جیاوازییەکان کە مەسەلەیەکی سروشتی و ئاساییەلە یەکتر قەبووڵ ناکەن و ڕاستەوخۆ دەیگۆڕن بە ناکۆکی !!
9. زوو پەیوەندی دەگرن و زووش تێک دەچن!

10.بەدحاڵیبوون و کەڵکئاوەژوو لە یەکتر وەرگرتن !لە ژیانی ڕۆژانەیاندا زۆرە !
11. نەبوونی دیالوگ لە ناو ئەندامەکانی خێزان و تاکەکانی کۆمەڵدا، بەڵکوو ووت و وێژی کوردی زۆربەی **کات** هەر مۆنۆلۆگە و

ئەویش لە گەورەوە بۆ بچووک یان لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە خوێنەوارەوە بۆ نەخوێنەوار، لە پیاوەوە بۆ ژن، لە ژنەوە بۆ......تاد

12.پەیوەندی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە زۆر کات شوێندا هەر نییە !کە هەبووش تاڕادەیەک بە یەکتر نامۆن و کەسایەتی یەکتر ناخوێننەوە و هەر یەکەیان خۆشیان کەم دەناسن، گاڵتە و ڕاستی(جدی) تێکەڵاو دەکەن....تاد

13. کاراکتەری سەقامگیریان نیە ، لە سەرکردایەتییەوە تا هاوڵاتی ! !بە پەلە بڕیار دەگۆڕن و سەر پێیی بڕیار دەدەن
وبە گوێرەی گۆڕینی کات و شوێنەکان کاراکتەریان دەگۆڕێ !

ئەمە تەنیا مشتێکە لە خەروارێک کە من دڵنیام مێژووی داگیرکردنی کوردستان لە کارەکتەری تاکی کوردیدا بەرهەمی هێناوە.
داگیرکەرانی کوردستان بە پرۆژەوە لە سەر کەسایەتی کورد پیادەیان کردووە، دیارە سەرەتا لە ڕێگەی بە عارەبکردن و بە ئێرانیکردن و بە تورککردن ناسنامەییان لێ سەندووەتەوە و پاشان سیستەماتیک هێدی هێدی بە درێژایی دەیان ساڵ.. وایان لێکردووە کە متمانەی نەتەوەیی بە خۆی نەمێنێ، لە ڕاستیدا مەترسی تەعریبکردنی خاکی یان نەوتی موسڵ و کەرکووک بە هیچ شێوەیەک ناگاتە مەترسی تەعریب –کردنی مێشکی مرۆڤی کورد ! !چونکە دووەمیان سەرچاوەی یەکەمیانە، نەک بە پێچەوانەوە ! دە سەڵاتی داگیرکاران، ڕەوشتێکی چەواشەیان لە کارەکتەری کوردا خوڵقاندووە مرۆڤی کوردییان هێندە ناسازگارکردوە! کە تەنانەت تاکی کوردی لە گەڵ خۆشیدا سازگار نەبێت و نەک هەر( پارتی و یەکێتی) بەڵکوو دەستی ڕاست متمانەی بە دەستی چەپ نەمێنێ و
دان وستاندن -لە ناو کۆمەڵگەی کوردستان و لە کەسایەتی مرۆڤی کوردابگاتە ئاستی نەمان و نەبوون ! لەکاتێکدا ژیانێکی ئاسایی لە کۆمەڵگەیەکی ئاسایی دا، تەنانەت ڕۆژێک بێ دان و ستاندن و هاوکاری و هاو ئاهەنگی ، ناچێتە ڕێوە!

# دیموکراسی
# بێ دیالۆگ نابێت

**هەردوو حکوومەتی کوردستان دەڵێن :**

**لیستی هاوبەش، بەرژەوەندی هاوبەش، داگیرکەری هاوبەش!دیموکراتی هاوبەش !!**
**بەڵام کوا دیالۆگی هاوبەش !؟کوا دیالۆگ لە نێوان کوردسات و کوردستان تیڤی دا، دیالۆگی ئافرەتان وژنان، خوێندکاران و قوتابیان، ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر...!بە کورتی دیالۆگی( پارتی و یەکێتی) لە ناوبەرنامەکانی کەناڵە مانگیلەیی و ناوخۆییەکاندا، ئایا کاتی دیموکراتییەت لە کوردستاندا نەهاتووە !؟**
**کە 13 ساڵە دەڵیین بەرەو دیموکراتییەت، بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی ! بەرەو فیدراڵی ..تاد کوا دیالۆگی دوولایەنی ڕکەبەری سیاسی !؟ لە ڕاستیدا دیموکراتیەت ڕەخنە لە خۆگرتن وقەبووڵکردنی بیروڕای جیاوازە!نەک سڕینەوەی ناسنامەی یەکتر! ئەوەڕەخنەییەی کە تاک لایەنی ئافرەتان لە ژنان وخوێندکاران لە قوتابیان ڕوناکبیران لە ڕۆشنبیران وپارتی لەیەکێتی ...تاد یا بەپێچەوانەوە...دەیگرن، ئەوە ئازادی –ە نەک دیموکراسی !دیموکراتیەت ئەوەیە کە هەر لایەنەیک بوێرێ بە ئاشکرا ڕەخنە لە خۆی بگرێ و پرسیار ئاراستەی بەرامبەر بکات، دیموکراتیەت ئەوەیە کە هاووڵاتیان لە شوێنە جیاوازەکاندا ئازاد بن ، نەک هەر لە شارەکانی خۆیان دا !دیموکراتیەت ئەوەیە کە نووسەران نەترسن لەوەی بە هۆی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ یان بە هۆی هەبوونی بیروڕای جیاواز لە کار دەربکرێن...بە کورتی دیموکراسی و ترس پێکەوە هەڵناکەن، لەوەش کورتتر، دیموکراسی لە کوردستاندا ئەوەیە کە هاوڵاتیان بوێرن لە قەڵاچوالان بڵێن بژی کاک مەسعوود..! ولە مەسیف بوێرن بڵێن بژی مام جەلال ..!نەک بە پێچەوانەوە !**

## عەقڵی کوردی+سەرمایەی کوردستان+بیری نەتەوەیی یەکسانە به ناسنامە(دەوڵەت)

کوردستان پڕە لە دەوڵەمەندی نارووناکبیرو ڕووناکبیری نادەوڵەمەند !!دیارە ئەمە بە گشتی وایە ،بەڵام هەندێ جار ڕوناکبیری دووڵەمەن و دەوڵەمەنی ڕووناکبیریش هەن، کە ڕێژەیان ئێجگار کەمە !بە هەرحاڵ ئەمانە و هەموو هاوڵاتیان لە ناو کەشتی کوردستاندا هاوچارەنووسن(بەڵگە کۆڕەوی1991)کە ئەو کەشتییەش لە دەریای پڕشەپۆلاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە!!ئەگەر لەمەودوا بیری نەتەوەیی لە یەک حکوومەتی کوردستاندا کۆمان بکاتەوە،دەوڵەمەندانی کوردیش چیتر خۆیان لە بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان، نەشارنەوە!(لە ڕاستیشدا دەوڵەمەند واتە دەوڵەت- مەند !باشە تا کەی دەوڵەت – مەندی کورد **بێ** دەوڵەت و ناسنامە و کەسایەتی ئازاد بژی !؟)بۆچی بە جەسارەتەوە چاو لە ڕۆڵی سەرمایەدارانی نەتەوەکانی تر لەدامەزراندنی دەڵەتی نەتەوەیی خۆیاندا ناکەن !؟ لە لایەکی ترەوە ئاشکرایە و بێگومان هیچ کۆمەڵگەیەک پێش ناکەوێ تاکوو زانستپەروەران و نووسەران و ڕووناکبیرانی لە ئاستێکی گوزەران نزم -دا بژین!ڕوناکبیریی و نووسین وزانستپەروەریی،قووڵبوونەوە و خوێندنەوەی دەوێ ، خوێندنەوە ،کاتی دەوێ و(کات لە زێڕ بەکەڵکترە )لای نووسەران ، ئەی بۆچی دەوڵەمەندی کوردیش وەکوو دەوڵەمەندی نەتەوە- ئازادەکان ،لە پێناوی کەسایەتی خۆیان و ناسنامەی نەتەوەییاندا ، لەو سەرماییەی کوردستانەی کە دەستیان دەکەوێ ! ڕێژەیەیەک بۆسەندوقێکی <u>هاریکاری عەقڵی کوردی</u> تەرخان نەکەن؟کوردستان هێندە پڕخێر و بێرە دەوڵەمەندی کورد ،ئەگەر عاقڵ بێ !عاقڵی کوردیش دەوڵەمەند دەبێ ! پێکەوە دەکارنووڵات بەڕێوە بەرن –وەکوو لە ناوووڵاتە پێشکەتووەکاندا- دان و ستاندن لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا هەیە بۆ گۆڕاینکاریی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئابووری.. دیارە بیری نەتەوەیی و ئاشتی ناوخۆیی و دیموکراتیەتیش

لەوهاریکارییەوە دەست پێدەکات وەرگیز جیۆپۆلەتیک-یش ڕێ لە دروستبوونی ناسنامە و دەوڵەتی کوردی ناگرێ !

## ڕووناکبیر و دەسەڵاتی کوردی

بە شێوەیەکی ئاسایی و مێژوویی ڕووناکبیر ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتە لە جیهاندا ،ئەمە بۆ نەتەوە دەوڵەتدارەکان دروستە بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان ڕووناکبیری پێش دەوڵەت و پاش دەوڵەت ،نەتەوەی خاوەن ناسنامە وبێ ناسنامە !ڕووناکبیری کورد ،دەبێ سەربەخۆ بێت، نەک ئۆپۆزیسیۆن!ڕەخنەگربێ لە دەسەڵاتی کوردی،بەڵام نەک دژی دەسەڵات،بڕوای بە جیاوازی نەک ناکۆکی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبێت ! تەنانەت ئەگەر لە پارتێکشدا بوو !کاتێ یەکێتی وپارتی لە ئاشتیدا دەبن ،ڕووناکبیر پێویستە هانی ئەو ئاشتی یە بدات و بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی ناوخۆیی کوردستان تێکۆشان بکات و بە ئاشکرا پشتیوانی خۆی بۆ حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان دەربڕێت،کاتێ شەڕیش بکەن ! پێویستە نەفرەت لە شەڕەکەیان بکەین. ڕووناکبیری کورد دەبێ سیاسەتی هەبێ و سیاسەتمەداری کورد ،پێویستە لە ڕۆڵی ڕووناکبیر تێ بگات !دەنا نە ئەو سیاسەتمەدارە و نە ئەم ڕووناکبیر !!ئاخر ڕووناکبیرێ ،چەپڵە بۆ تێکدانی ئاشتی ناوخۆیی لێ بدات کام لای بیری ڕووناکە !؟یان ئەوە کام سیاسەت-نەدارە کە چەپڵەی وا بۆ مێژووی خۆی لێدەدات !؟
ڕووناکبیرو دەسەڵاتی کوردی دەبێ پێکەوە دیالۆگیان هەبێ بۆ بەرهەمهێنانی دیموکراتیەت ، لە ناو کۆمەڵگەی کوردی دا،نابێ هیچیان لەوەی تریان بترسێ،ترس ودیموکراسی پێکەوە لە سروشتدا ناگونجێن! کێ پێویستە ترسی کێ بشکێنێ !؟ یەکەمیان یان دووەمیان !؟.. **متمانە** ترسی هەردوولا دەشکێنێ !متمانە چۆن لە دایک دەبێت ؟.. لە کوێوە دێت، لە بڕوا بە **خۆ** کردنەوە،بڕوابەخۆکردن لە کوێوە

دێ له ڕاستگۆیی وه! ڕاستگۆیی له کوێوه دێ له خۆشەویستی له کوێوه دێ له کوردستانەوه ، ! سیاسەتمەدار دەتوانێ ڕاستگۆبێت!سیاسەت زانست وهونەره، هونەری به ڕێژەیی قسەکردن و ووتاردان ، نەک قسەی ڕەها بێ بەڵگە ! سیاسەتمەدار مەرج نییه درۆزن بێ ، وەکوو کۆن دەیانووت! بوونه سیاستمەدار و ڕووناکبیر بەرپرسیارییەتیەکی قورس ومێژوویی و دژواره به تایبەتی بۆ کورد !لەمەودوا سیاسەتمەداری کورد دەبێ شارەزایی له ئابووری و کۆمەڵناسی ودەروونناسی ومێژوو...بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و....تاد هەبێ !

ئیدی سیاسەتمەداری کورد ، بەڕێوەبەری لادێ وگوندەکان نییه!!بەڕێوەبەری شارەکان و پایتەختی کوردستانه!
ڕۆژنامەوان و ڕووناکبیر ژێردەسەلاتی سیاسەتمەدار نییه ، بەڵکوو خۆیان دەسەلاتن ، ئیدی ناوی بنێی دەسەلاتی چوارەم ، پێنجەم ! گرنگ نییه، لەمەودوا سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەوان و ڕووناکبیر..تاد هاوکار و هاوچارەنووسین تا وەدەستهێنانێ ناسنامه وگێڕانەوەی کەسایەتی ودامەزرانی دەوڵەتی کوردستان ، دوای ئەوسا له یەکتر جودا دەبینەوه و ئێوه هەر حکوومەت بن و ئێمەش ئۆپۆزیسیۆن !

## سیاسەتمەدار و سیاسەت نەدار و ئەنجوومەنی پیران-ی کورد !

سیاسەتمەداری دیموکرات ، جیاوازی دەبینێ له نێوان دۆڕاندنی هەڵبژاردن و دۆڕاندنی خۆی ! بۆیه له هەردوو حاڵەتدا خۆی پێ دۆڕاو نییه !سیاسەتمەداری نادیموکرات ، ئەو جیاوازیه نابینێت ! پێی وایه دۆڕاندنی هەڵبژاردن ، واته خۆدۆڕاندن!!بۆیه ئاماده نابێ ئەنجامەکەی قەبووڵ بکات !و خۆی بۆ هەڵبژاردنێکی تر ئاماده بکا!
قۆناغی تازه، سیاسەتمەداری نوێی دەوێت، سیاسەتمەداری نوێ و ڕووناکبیری باشووری کوردستان ئیتر پێوسته ئاراستەی بیرکردنەوەیان ڕووەو داهاتووی کوردستان بێ وهێنده کای کۆن به بادا نەکەن !خەباتکاری به سالاچووی کورد پێوسته وەک ئاماده نیین له

هەڵبژاردندا ، دۆران بە ئاسایی وەرگرن !با ئامادە بن بۆ خۆیان ئەنجوومەنێکی پیران لە کوردستان دامەزرێنن –کە لە زۆر وولاتی تریشدا هەیە-با ئەو ئەنجوومەنە ڕاوێژی پێ بکرێت، بەڵام خزمەتگووزار بێ، نەک خاوەن بڕیار، با نەریتێکی تازە بێتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردییەوە، کە سیاسەتمەداری تەمەن مام ناوەندی 25-50 ساڵ کایەی سیاسی کوردی بکات وسەری داوەکانی بە دەستەوە بێت لەو گۆڕەپانەدا ،ئەمە مەسەلەیەکی سروشتی و ئاساییە و پێی دەووترێ (ململانێی نەوەکان) بەم شێوەیە کۆمەڵگەی کوردی گەنج ولە نوێ بوونەوەدا دەبێت وئە وە دەبێتە پرسترۆیکای کۆنە سیاسەتمەدارانی کورد!!سیاسەتمەدارانی بە ساڵاچووی دیموکراتی کورد بەم شێوەیە سێ ئامانج دەپێکن یەکەم :دیموکراتبوونی خۆیان بە شێوازێکی نوێ دەسەلمێنن. دووەم: زیاتر دەبنە جێی ڕەزامەندی سیاسەتمەدارە گەنجەکان و ڕایگشتی کوردستان و سێیەم :بۆ خۆشیان جۆرە حەسانەوەیەکی تەندرووستی تێدایە .دیارە ئەمە پێشنیارە ،نەک یاسا، ،دەنا سیاسەتمەدارەکان خۆیان خاوەن بڕیارن ! و بەداخەوە هەندێ جار دەکەونە سەرووی یاساشەوە، لەو کاتانەدایە من..تێناگەم بۆچی خەبات دەکەن ؟!

لە مێژووی ئەڵمانیای فیدڕاڵدا قۆناغێک هەبووە کە بە شەڕی ناوخۆیی 30 ساڵە ناسراوە ،بە ڕێکەوت هی کوردیش هەر ئەوەندە ساڵە1966-1996 بەڵام سیاسەتمەداران و ڕووناکبیرانی پاش ئەو قۆناغەی ئەڵمانیا، ڕۆڵی پۆزێتیڤ ومێژوویی گرنگیان گێڕا بۆ سڕینەوەی شوێنەواری شەڕی ناوخۆیی خۆیان، 30 ساڵی تریش کای کۆنیان بە بادا نەکرد !ئەوە پێش سەدە ونیوێک ..بە بڕوای من.. ڕووناکبیر سیاسەتمەدار، هاوڵاتیان و دەوڵەمەندی کوردان ،(پێویستە لەمەودواشیکردنەوەی ئەو 30 ساڵە بۆ مێژوونوسانی کورد دابنێن) و ئاراستەی خەبات وبیرکردنەوەیان ڕووەو داهاتوو بێت ! مێدیای کوردیش بە تایبەتی تەلەفزیۆنە ناوخۆیی و مانگیلەییەکان پرۆژە و بەرنامەیان هەبێت بۆ هەردوو مەسەلەی سڕینەوەی شوێنەواری تەعریب لە مێشکی تاکی کورد-دا و سڕینەوەی شوێنەواری شەڕی

ناوخۆیی لە دەروونی هاووڵاتی کورد-دا، خۆ ئەگەر بەرنامە و پلانیان بۆ ئەو دوو دیاردە مێژوویە دانەنا!!ئەوا ڕووباری مێژوو هەر دەڕوا و دەڕوا وڕەنگبێ ئەوە مێژوو نەبێ کە خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵکوو ئەوە ئێمەی کورد خۆمان بین ! مێژووی خۆمان دووبارە بکەینەوە ...